**بۆچی دوودڵی لە پێشکەشکردنی وتەیەك لەبەردەم خەڵك و بینەراندا؟**

**ئەوەی زۆر گرنگە بریتیە لە یەکەم دەرکەوتنت و شێوازی بیرکردنەوەت لە پێشکەشکردنی ئەو وتەیە. هەموو شتێك لە ژیاندا پێویست بە خۆ ئامادەکردن و پراکتیز هەیە، دەبێت بە کرداری ڕاهێنانی بۆ بکەی. هەمو شتیك پێویستی بە تێگەیشتن هەیە تا بزانی چۆن جێبەجێی دەکەی.**

**جۆرەکانی پریزنتەیشن:**

**کورت و خێرا، لە ماوەی یەك خولەکدا.**

25 **خولەك لە کۆنفرانسێکدا وتەیەك پێشکەش بکەی.**

**پێشکەشکردنی پرۆژەیەك.**

**پێشکەشکردنی بەحسی ماستەر و دکتۆرا و بەکالۆریۆس**

**چاوپێکەوتنی کار**

**پێش ئەوەی پریزنتەیشن بکەی، یان وتەیەك پێشکەش بکەی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکە:**

1- **جلێکی ڕێك بپۆشە.**
2- **با سلایدەکانی پاوەر پۆینت دەستوپێت نەبەستنەوەو کەلەپچەت بکەن، ئازاد بە.**
3- **کورت و پوخت بە.**
4- **هەموشتێك لە سلایدەکان مەخوێنەوە، بە پوختی شتەکان بڵێ.**
5- **فۆنتێکی گەورە بەکار بێنە.**
6- **ڕەنگاو رەنگ بێت سلایدەکانت.**

7- دەتوانی ڤیدیۆ بەکار بێن وەك ئانیمەیشن بۆ رونکردنەوەی زیاتر.
8- چاو بەکار بێنە بۆ کۆنتاکت.
9- هەندێك سلاید پاز بدە ئەگەر کات کورت بێت و بەشت نەکات.
10- پراکتیز بکە.

شێوەی سلایدێك چۆن بێت بۆ پرۆژە؟

1- خۆت بناسێنە. ناوت و شوێنت و پیشە و قۆناغت. من کێم؟
2- کێشەی بابەتەکە باس بکە، دەتەوێ باسی چی بکەی؟
3- باسەکە خال خال شی بکەوە. هاندەرەکە چیە؟ بۆچی ئەم پرۆژەیە گرنگە؟
4- ریگەی شیکردنەوەی بابەتەکە بنوسە. پێشتر چیان کردوە کەسانی تر؟
5- رێگەی من چیە بۆ چارەسەری کێشەیەك، یان ریگەی من چیە بۆ پلانێك بۆ پرۆژەیەك؟

رەچاوی ئەم شتانەی خوارەوەش بکە:

1- پەیوەندی گرتن بە زار جیایە لەگەل نوسین. هەتا پێت دەکرێت با رون و ئاسان و سادە بێت.
2- هەندێك شت هەیە دوبارەی بکەوە ئەگەر زۆر گرنگە.
3- هەستیار و ژیر بە بەرانبەر بینەرەکانت.
4- وا لە بینەرەکانت بکە زیاتر فێربن.
5- جولەی دەستت با بەهێز بێت.

**چۆن خۆت پەرەپێبدەی؟**

**خۆت پراكتیزی بكە و بەكردار بیكە.**

**لەبەرانبەر هاورێكانت بیكە.**

**لەبەرانبەر ئەنتەرنێت پێشكەشی بكە.**

**لاسایی ئەو كەسانە بكەوە كە قسە باش دەكەن.**

**هونەرەكانی پرێزنتەیشن:**

1- **بە متمانەوە بدوێ.**
2- **وەك چیرۆكێك بە چێژەوە و بەخێرایی باسی بكە.**
3- **شتی بینین بەكار بێنە وەك فلاشكارت و پۆستەر و دەنگ و كاغەز خشتە و وێنە و ڤیدیۆ و شتی تر.**
4- **زمانی جەستەی كاریگەر بەكاربێنە.**

**سوپاس**